بەهۆی ڕووداوێکی هاتوچۆ لەسەر ڕێگای قامشلێ و حەسەکە ژمارەی قوربانیان گەیشتە چوار کەس

بەهۆی ڕووداوێکی هاتوچۆ لەسەر ڕێگای قامشلێ - حەسەکە ژمارەی قوربانیان گەیشتە چوار کەس و سەرنشینەکانی دیکەش بریندار بوون.

نوعمان ئیبراهیم بەرێوەبەری کەمپانیای گواستنەوەی وشکانی هەولێر ڕاگەیاند کە پاسێک 28 سەرنشینی تێدابووە و بەهۆی پێکدادنی چوار سەرنشین قوربانی بوو لەوانە شۆفێری پاس و کارمەندی کەمپانیاکە و ئافرەتێک و خوێندکارێکی زانکۆ.

ڕووداوەکە بەیانی ئەمڕۆ چوارشەممە (3ـی کانونی دووەمی 2024)، لە نزیک لە ئەنجامی پێکدادانێک لە نێوان پاسێک و بارهەڵگرێکی دیکە چوار قوربانی کەوتەوە کە گشتیان سەرنشینی پاسەکە بوون.